وزارة التعليم العالي والبحث العلمي
رئاسة جامعة صلاح الدين ـ اربيل
كليـــة الإدارة و الإقتصاد

# بابەت/ پەیوەندیە ئابوریە نێو دەوڵەتیەکان

# المادة/ علاقات الاقتصادية الدولية

# International Economic Relations


مظفر حمد مصطفى

ماجستير في علوم الاقتصادية / جامعة صلاح الدين

mudhafar.mustafa@su.edu.krd

# تیۆری کلاسیکی بۆ بازرگانی دەرەکی

- بۆ دەست کەوتنی وەلامی کۆمەڵە پسیاری
- ئایا بنچینەی بازرگانی چیە ؟
- دەسکەوتەکانی چین؟
- قەبارەی دەستکەوتوکان چەندە؟
- چۆن دەسکەوتەکان دێنە دەست؟
- هتد.....
- پیویستە باسی ڕێڕەوێکی ئابووری بکرێت کە لە دوو سەدەی حەڤدەو هەژدە لە ئارادابوو، ئەویش

- ڕێرەوەی بازرگانەکانە (Mercantilism) وە ئاشانا بوونە بە تیۆری تێچونی ڕەها کە بۆ ئادەم سمث دەگەڕێتەوە ، دواتر ئاشنا بوونە بە تیۆری تێچونی ڕێژەیی دایڤد ڕیکاردۆ کە بەیەکێك لە گرنگترین یاسا ئابووریەکان دادەنرێت.
- سەرەڕای ئەو ڕەخنانەی کە ئاراستەی ئەو تیۆرە کراوە، بە تایبەتی لە لایەن ( هابرلر )ەوە کە یاسای تێچوونی ڕێژەیی بە چەمکی تێچوونی هەلی جیگرەوە ڕاڤە کردووە، و ئاماژەی بە چەماوەی تواناکانی بەرهەمهێنان کردووە.
- زانستی ئابووری وەك زانستێکی ڕێکخراو بۆ ئادەم سمث دەگەڕێتەوە کاتێ سامانی نەتەوەکانی لە سالی1776 بلاوکردەوە ، بەلام پێش ئەمیش هەندێ بازرگان وفەیلەسوف لە ووتارو کتێبەکانیاندا لە وولاتانی وەك ئسپانیا وئنگلترا وفرنسا...هتد، لەبارەی بازرگانی نێودەولەتیەوە نوسینایان هەبوو

# بیری بازرگانەکان

- ئەگەر دەولەت بیەوێ بەهێز بێت ئەوا پێویستە هەناردەی لە هاوردە زیاتر بیت
- پێویستە تواناکانی بخاتەگەر بۆ زیاد کردنی هەنارده
- کەمکردنەوەی هاوردە بەتایبەتی کالای جوانکاری
- پێوەری سامانی نەتەوە لای بازرگانەکان بریتیە لە خاوەنداریەتی کانزا بەنرخەکان

# هۆكارەكانی كۆكردنەوەی كانزا بە نرخەكان لەلایەن مێركەنتالیەكان

- بازرگانەكان لە بنچینەدا بۆ فەرمانراەوایی و بەهێزبونیان دەنووسی
- زێر ئەبێتە هۆی پێكهێنانی سوپای گەورەو پرچەك ئەمەش واتە بەهێزبونیان لەناوخۆو دەرەوشدا.
- زیادبوونی زێر وتە زیادبوونی پارە

- هەر چۆنێك بێت بازرگانەكان بانگهێشتی دەستێخستنی حكومەت لە هەموو چالاكییە ئابووریەكان دەكات، هەروەها بانگهێشتی نەتەوەیی ئابووری (ECONOMIC NATIONALISM) دەكەن، ئەویش لەبەر ئەوەی وای بۆ دەچن كە تەنیا دەوڵەت دەتوانێت دەستكەوت لە بازرگانی بە دەست بهێنێت، ئەویش لەسەر حیسابی وڵاتانی دیكە. ئەو بۆچوونانەش گرنگە لەبەر دوو هۆ:-
- **یەكەم:** بیری ئادەم سمپ و ریكاردۆ و .......هتد لە ئابووریناسە كلاسیكەكان، دەتوانرێت باشتر تێبگەین، ئەگەر وەك كاردانەوەی بۆچوونی بازرگانەكان لە بازرگانی و ڕۆڵی حكومەت سەیر بكرێت.
- **دووەم:** سەرهەڵدانی ڕێڕەوی بازرگانی نوێ (NEO MERCANTILISM)، ئەویش بەهۆی بوونی ئاستی بەرز لە بێكاری لە هەندێك وڵات، ئەمەش هانیدان بۆ ئاستەنگ دروست كردن لە بەردەم هاوردەكان و هەوڵی چالاك كردنی بەرهەمی ناوخۆ و كارپێدان بدەن.

- تیۆری کلاسیکی بۆ بازرگانی دەرەکی لەسەر پاشماوەی فەلسەفەی بازرگانەکان سەری هەڵدا، کە لە ئارا دابوو لە ناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەم، ئەویش لە ئەنجامی ئەو گۆڕانکارییانەی، کە لە شۆڕشی پیشەسازی کەوتەوە، و چینێکی نوێی لە پیاوانی کار دروست کرد، ئەمانەش خاوەن دەسەڵات بوون و توانییان یاسا و سیستەمەکانی چالاکی ئابووری هەڵبوەشێننەوە و دەستکەوتی زیاتر بە دەست بهێنن. ئەمە و ئەو چینە ئازادی تەواویان لە هەڵبژاردنی جۆری چالاکی هەبوو، کە لەگەڵیان بگونجێت، بەبێ بوونی هیچ ئاستەنگێك ، سەرباری بەرپابوونی شۆڕشی فەرەنسا، کە ئازادی ئابووری بە ناوەڕۆکی سیاسی بەخشی، هەروەها شۆڕشی ئەمریکا لە دژی سیاسەتی بازرگانی ئینگلتەرا بەرپابوو، و داوای ئازادی سیاسی و ئابووری بە مانایەکی زۆر بەرفرەوان دەکرد.
- هەموو ئەو ڕووداوانە یارمەتی دەربوو لەسەر بەهێزکردنی ڕێڕەوی ئازادی تاکە کەسی، کە تیۆری کلاسیکی ئاماژەی پێکردووە، و خۆی لە بیری ئابووریناسە کلاسیکەکانی وەك ئادەم سمپ و ڕیکاردۆ و جۆن ستیوارت مل...هتد دەبینێتەوە.